


# زیرەک..
# پاشایەک لە
# تاران...هونەرمەندێک لە لوتکە!

دکتۆر: مەولود ئیبراهیم حەسەن

٢٠٢٠/٨/١- هە ولێر

ئەم جارە لەم نووسێنەدا باسی گەورەیی و ئاستی هونەرمەندییەتی زیرەک ناکەین لە گۆرانی گوتن و داهێنانی بێ وێنەدا ، هە رچەندە ناونێشانەکەش بە نازاناوی (هونەرمەند) دەست پێدەکات ، چونکە بڕاوەتەوەو سەڵمێندراوە کە زیرەک لەو ڕۆژەی دەنگی هە ڵێناوە یەکسەرە وەک داهێنەرێک و دەنگێکی تایبەت خۆی وەک (مامۆستا) ماۆستاو هونەرمەندی هونەرمەندان ناساندوە و تا ئێستاش.. پاش تێپەڕ بوونی نزیک بە پەنجا ساڵ بەسەر لە دنیا دەرچوونی.. هێشتا بێ هاوشان هە رلە لوتکە دایە .

ئەمڕۆ باسی ڕەوشتێکی مرۆڤانەو بەرزی کۆمەڵایەتی هە تا ڕادەیەک ڕەوشتێکی ئەفسانەیی هونەرمەند(حەسەن زیرەک) دەکەین ، هە رچەندە جار جارەو لێرەوە لەوێ نموونەی بۆ هێنراوەتەوە، ئەوێش( چاوتێری و دەسبڵاوی و سەخاوەتی) بێ وێنەو بێ هاوشانە ! بێ هاوشان..چۆن هە موو کەس دەزانێ هونەرمەند حەسەن زیرەک چۆن ژیانی لە ژێر سفرەوە دەستی پێکرد و لە ژێری ژێرەوەوی سفریشەوە کۆتایی هات !! ئەم ژیانەش سەتا نۆهە ت و نۆی تەمەنی نزیک بە پەنجا ساڵەی ئەو مرۆڤە هونەرمەندەی گرتووتەوە . بەڵام، لە هە ر کات و لە هە ر شوێنێک و لە بەرامبەر بە هە ر کەسێک ..زیرەک هە ستی کردبێ بەرامبەر پێویستی بە یارمەتیە ، باخۆشی لەو تێرو هە بووەو خاون ماڵ و خانوو و پارەیە نەبووبێ ..کە بەرچاو بێت و جێگیر ! ئەو چی هە بووە بەو پەڕێ دڵکراوەیی و پێخۆشیەوە هاوکاری ئەو کەسەی کردووە بێ ئەوەی هیچ مننەت بەسەرەوەکردن و چاو لە قەرد دانەوەکەی بێت ..(من ماڵم نیە ماڵێ خەڵکە ..ماڵێ عالەمە!) (١*) ئەمە فەرمایشە مەزنەکەیەتی کە ڕۆژانێ لە (کانی مەلا ئەحمەد) خۆی گوتەنی چایخانەیەکی پەڕپوتی هە بوو! وەک مامۆستا( ئە نوەری سولتانی)(٢*)یش لە دیدار دووەم دا باسی دەکات کە بەدوای دا دەگەڕێ و دەڵێن چۆتە فلانە ناوچە، (چووینە ئەوێ درەنگانێک بە تاریکی گەییشتینێ، دەشتاییەکی تەخت وچرایەکی کەم شەوق، سێ چوار مێزی شکاو کورسی لە مێز شکاوتر، ئاگرێکی خەلوزو حەسەن زیرەک

خۆی !) زیرەک لە بارەی ئەو شووینەوە دەڵێ :(نا..پێمخۆشە کاسی تێدا دەکەم !! هونەر لە نێو کوردا قەدری نەما، هونەر بۆمن کارێکی نەکرد بەدوایا بچم !)(٣*) لەم ڕۆژگارەداو لەم دوورە شارەوداو لە ( نێوان دوو سێ کێودا چایخانەیەکم هە یە ئەگەر بێن ببێنن تەعەجوب دەکەن !؟) بەڵێ ..لەم ڕۆژگارەش لە سەخاوەت و دەسبڵاوی و دڵکراوەیی خۆی ناکەوێ وئەو پیاوە گەورەییە هاوار دەکا ودەڵێ: من ماڵم نیە ماڵی خەڵکە، ماڵی عالەمە .!!

ئەو ڕەوشتە مەزن و جوانەی زیرەک ڕەوشتێکی کاتی نەبووەو ڕەوشتێکی دەم دەمی و تەکتیکی ! نا..ڕەوشتیکی - مادرزاد بود !- ە(٤*) هەربۆیە هە رکەسێک جارێک و کەمێک زیرەکی دیبێ هە ستی بەو دەسبڵاوی و دڵکراوەیی زیرەک کردووە ، زۆرن ئەوانەش کەم و زۆر باسی ئەم ڕەوشتەی زیرەکیان کردووە . زیرەک پیاوێکی زۆر ڕەهە ندە ..هە ر ڕەهە ندەی لوتکەیەکە لە جوامیری و پیاوەتی و لێهاتوویی و هە ڵکەوتەیی، کە پێویست دەکا لە زۆر ڕووەوەو بە زۆر تیۆر لێیان بکۆڵرێتەوە ، ئەوسا ئێمە زیرەک دەناسین کە چ کەسایەتیەکی دەگمەنی مێژوویی جیهانی بووە !

**دەسبڵاوێکی ئەفسانەیی..**

ئێمە هە موو لایەک بیستوومانەو خوێندوومانەتەوە کە لە نێو ئەفسانە کوردیەکان ..پاشای دادپەروەرو میللەت دۆستی واهە بووە زۆر جار بەشەوو ڕۆژ بەرگی خۆی گۆڕیوەو بە نێو خەڵکدا سوڕاوەتەوە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی حاڵی ڕاستە قینەی خەڵک ببێنێ ! زۆر جار لەم گەڕوسوڕانە پاشا فریشتە ئاسا بە هانای کەسانی لێقەوماوو پێویستەوەو چووەو ژیانی گۆڕیون. ئەم ڕەوشتی خۆ گۆڕین و گەڕانی نێو خەڵکە گەیشتووەتە هە ندێک حاکم و خەلیفەکانی ئیسلامیش. لە سەردەمی زۆر کۆن دا هە ندێک پاشا و حاکم بە تایبەت پاشا ساسانییە کوردەکان لە شوێنێکی تایبەت بەردێکیان دادەناو پێیان دەگوت :( بەردی مرازێ !)(٥*) کەسێک پێویستیەکی هە بووایە یان غەدرێکی لێکرابوا دەچوو لەسەر ئەو بەردە ڕوودەنیشت و هە ڵنەدستا ..تا پآشا دادی نە پرسێباو مرازی ئادا نە کردبا ! پاشای وا هە بووە (زەنگوڵ) ێکی لە نێو ماڵی خۆی بەئنارمووشی تێخستووەو بەنە کە تا دەرەوەی کۆشکی پاشا ڕۆیشتووە ، بۆ ئەوەی هاوڵاتی پێویست و غەدرلێکراو دەستیان بگاتە بەئنارمووش و ڕایهە ژێنن و دەنگیان بگاتە پاشاو ..پاشا بە دەنگیانەوە بێت !!(٦*)

بۆ پاشایەکی واقیعی و ئەفسانەیی کارێکی ئاسانە یارمەتی هاوڵاتیەکی وڵاتەکەی خۆی بدا بە پارە لەو خەزینە زۆرەی کە لەبەردەستیەتی و بەو دەسەڵاتەی کە هە یەتی ،دادی بپرسێ !! بەڵام هونەرمەندێکی ڕووتەی بێ دایک و باب گەورەبووی بێ جێ و بێ کەس و بێ دەری نێو سوقاقان ودربەدەری نێو وڵاتان.. !! ئەو پارەو ئەو هێزە لە کوێ بێنێ تا یارمەتی خەڵک بدات و دادیان بپرسێ ؟!! سەبرت هە بێ و پەلە مەکە برای کوردم !! باسی ئەم یارمەتی دان و دادپرسینەی ئەو( پاشا بێ تاج) و( بێ ڕەعیەت)مت بۆ دەکەم ..ئەو پاشایە هونەرمەند( حەسەن زیرەک)(٧*) خۆیەتی ، ئەو ئەو پاشایەو لە تارانی پایتەختی ئێرانیش پاشادیە !؟

## هه ندێک نموونەی سەخاوەت و پارە بە هه ند هه ڵنەگرتنی زیرەک:-

خوێندەواری خۆشەویست ..جارێ با هه ندێ نموونەی ئەوەت بۆ بهێنمەوە کە زیرەک چۆن سەیری (پارە) ی کردووەو لە چ ڕۆژو ڕۆژگارێکیش ..( ڕابیعەخانم )(٨*) دوا خێزانی زیرەک ولە ڕۆژانی دوایی و بێ کارو بێ پارەیی زیرەک دەگێڕێتەوەو دەڵی : بەو دواییە کە زیرەک دەچوو بۆ شایی و ئاهه نگان ..خەڵک زۆر پارەی دادەنا ، پارەیەکی زۆر کۆدەبووەوە، زیرەک هه ر بە لەپ پارەکەی بەسەر مۆسیزێنەکان دابەش دەکردو پولێکی بۆ خۆی هه ڵنەدەگرتەوە ! دەمگوت : زیرک ئاوانابێ ئاخر ئێمەش پێویستیمان بە پارە هه یە ؟! لەوەڵام دا زیرەک دەیگوت : ڕابە . ئەوانە خاون منداڵن و پێویستیان پێیەتی ، من و تۆ دوو کەسین نانێک هه ردەبێ بیخوێن !؟ ئەرێ ئەم سەخاوەتە ..سەخاوەتێکی شێتانەو ئەفسانەیی نیە ؟؟ بەڵی.. تەواو شێتانەو ئەفسانەییە ! ئەو سەخاوەتە پڕ لە شێتێ و ئەفسانەییەش هه ر لە پاشایەکی شێت و ئەفسانەیی وەک زیرەک دەوەشێتەوە !

میدیاخانم لەباسی :(زەماوەندی سەید عەزیزکوڕی شێخ عەبدولای ئەفەندی.)(٩*).. دەگێڕیتەوەو دەڵێ :( حاجی سەید عەبدولای ئەفەندی ژنی بۆ سەید عەزیزی کوڕی هێنا لە تەوەرگەڕ و مەرگەوەڕی لای ڕەزاییە، لە لایەن ئەرتەشەوە پردیان دانابوو لەسەر چۆمەکە کە خەڵک بە پێیا بڕۆن بۆ سەر زەماوەند، زەماوەندێکی یەکجار گەورەبوو، خەڵک لە ئێران و عیراق وتورکیاو ڕوسیا بەشداریان تێدا کردبوو،ئێمەش لەوێ بووین، لە هونەرمەندانی تر مامڵێ و مەلا حوسێنی عەبدولا زادە لەوێ بوون . من تەنیا خانمێک بووم کە لە مالی شێخ ئەو ئیزنەو شانازیەم پێدرابووکە واریدی دیوەخانی پیاوان ببم، لە دیوەخانێ هه موو ئاغاواتی پووڵدار دانیشتبوون و گۆرانیبێژان گۆرانیان دەگوت و بە گوێرەی داب و ڕەسمی کوردەواری شاباشیان وەردەگرت. حەسەن کەواو پانتۆلێکی زەردی لە بەردابوو، ئەوکات تەنیا ئارەزووەمان بوو کە چوارمانگان بوو.هه رلە کام ئاغاواتەکان بە چاوڵێکەری ئەوانی تر و ڕقەبەرایەتی ، شاباشی زیاتری دەدا ، حەسەن ئەوەندەیان شاباش دابوویە کە دانیشتبوو لە نێو ئەسکەناسدا وون ببوو، سەرم بردە پێشەوە و گوتم حەسەن تکات لێدەکەم ئەو پووڵانە هه ڵمەگرە ، گوتی بەقسەت دەکەم ! گوتم ئەوە پوولێکی زۆرە وەڵێ تۆ موتریب نیت ! تۆ دەنگی کوردت لە گەروو دێتە دەرێ ، تۆ گیانی ئارەزوو دەست لەوانە مەدە ، ، حەسەن هه ستا سەرپێ و پانتۆڵەکەی داتەکاند کە تەنانەت ئەسکەناسێکی پێوە نەبێ ، تەواو ئەو ئاغاواتەی لەوێ بوون ، ڕەنگیان زەرد هه ڵگەڕا ، حەسەن لە گەڵم هاتە دەرێ ، من بەو سین و ساڵە کەمەوە حەسەنێکی ئاوام هێنابووە بار ، من دەمگوت تۆ هونەرمەندێکی دەنگی کورد بەو لا و لا دەگەینی .) سەیرکەن برا خوێندەوارەکانم ، زیرەک لە نێو ئەو هه موو پارە زۆرە هه ڵدەستێتەوە خۆی دادەتەکێنی و تەنیا ئەسکەناسێکیش بۆ خۆی هه ڵناگرێ . ئەمە کارێکە هه ر لە زیرەک دەوەشێتەوە .

سەرنجێک : وەک خوێندمانەو خاتوو میدیا دەڵی؛ من بە حەسەنم گوت ئەو پووڵ و پارەیە هه ڵمەگرە تۆ موتریب نیت و تۆ دەنگی کوردی ، هه روەها دەڵێ من بەو سین ساڵەوە حەسەنێکی ئاوام بار هێنابوو !! دەست و دەمی میدیا خانم خۆش بێت کارێکی چاکی کردووە و میدیا کاریگەری لەسەر زیرەک هه بوەو خزمەتی جوانی زیرەکی کردووە ، هه ر بۆیە زیرەک دەڵی: ژن و مێردێک بووین ژیانێکی خۆشمان هه بوو. بەڵام سەخاوەتی زیرەک مادەر زادبووە(١٠*) ، زۆر پێش ناسین و خواستنی میدیاخانم زیرەک سەخاوەتی خۆی نواندووەو

دەسبڵاوی کردووە، ئەگەر لە وەڵامی میدیا خانم گوتوویەتی باشە و بە قسەت دەکەم ، ئەوە دڵی میدیاخانمی ڕاگرتووەو خۆشەویستی خۆی بۆ دربڕیوە ، دەنا زیرەک بۆ خۆی لەو پارە بە هە ندهە لنەگرتنە مێژوویکی درێژی هە یە کە لە گەڵ مێژووی ژیانیەتی . ئەوەتە میدیا خانم هە ر خۆی لە وەڵامی پرسیاریکی تر دەڵی:(حەسەن زۆر قسە خۆش بوو! زۆر نوکتە سەنج و بێ نیهایەت دەست و دڵباز بوو. قەت لە بیری ئەودا نە بوو قڕانێکی بێ بیکا بە دوو قڕان ! ئەگەر دۆست و برادەری بهاتایەتە ئیران ، دەیگوت ئەگەر دۆستی من تەواویماڵەکەم بکا بە هێلکەیەک و بیدا بە دیواردا ، ئەو کاتە لە هە موو کاتێک خۆسحاڵترم ، هێندە دەست و دڵباز بوو، ئەو حاڵە تە بە منیش سەرایەتی کردبووە، ) ئەوەتە میدیا خانم دەڵی ..سەوخاوەتی زیرەک هێندە گەورە بوو کاری لەمنیش کردبوو ، واتە منیش لەو فیری سەخاوەت ببووم !

میرازاکەرێم خۆشناو(١١*) دەنووسێ کە ئەبووسەباح و مام جەلال لە هە وڵێرەوە هاتبوون ومیوانی من بوون ، زیرەک لە تاران جەماعەتێک هاتبوون کە پێیان دەگوتن( بازرگانی ئاواز)(١٢*) ئەوانە دەگەڕان و هونەرمەندو دەنگخۆشیان دەبردەتاران و گۆ رانیان بۆ تۆمار دەکردن و پارەی باشیشیان پێ دەدان . ئەو دەم بە دوای زیرەکەوە

هاتبوون . و پێشنیاری پارەکی زۆریان بۆ زیرەک کردبوو، زیرەک لە گەڵیان نە چوو بوو! بازرگانانی ئاواز لە زیرەک توڕە ببوون ! میرزا کەریم دەڵی : من گوتم براکەم باشتر بوو چووبای ڕاستە ئەوانە میوانی خۆشەویستن بەڵام ، بەرژەوەندی تۆش گرنگە ،زیرەک دەڵێ : (.. ئا ئێستا چەند کەسانیک لە (تەهران) ەوە بۆ لام هاتبوون ، سوودی زۆریشی بۆم تیایەو زۆریش چەورن،بەڵام ، من دیداری ئێوەم لە پارەو پووڵی ئەوان زۆر پێ چاکترە، بە تایبەت کە خزمەکانی تۆش بۆ سەردانت هاتوون وا ئەزانم بۆ لای من و تۆ هاتوون چونکە جیاوازی من و تۆ نی یە!) زیرەک بەردەوام دەبێ و دەڵێ:( بەڵام ، ئەمن بەڕاستی ئەیڵێم وخۆشت و هە رکەسێکی ئەمن بناسێ ئەزانێ هیج کاتێک دۆستایەتی و پیاوەتیم بە پارە نە گۆڕیوەتەوە ..پارە ئەمڕۆ بوەتە وەسیلەی ژیان ناچارین هە ندێک هە وڵی بۆ بدەین تا ئیحتیاجی بەردەستی خەڵک نەبین ، من ئەمەندەم بەسەو دەوڵەمەندیم ناوێت چونکە من بەم جۆرە لە بەر چاوی خەڵک جوانم ، خۆشم ئاوام پێ چاکەو لە وێژدانی خۆم ڕازیم .) بەڵێ ؛ ئەم پارە بە هە ند هە ڵنەگرتن و ڕێز بۆ دۆست و برادەران و پیاوەتی کردنە هە ر لە زیرەک جوانە .

زیرک ئەگەر بەدوای پارەدا گەڕابوواو هە وڵی دەوڵەمەندی و خۆ گونجاندنی دابوایە ..هێندە بەس بوو بە زمانی فارسی و گۆرانی بۆ دەسەڵاتی ئێرانی گوتبا، گوتبای چاکیشی دەگوت !!..ئەوە دەبوو بە یەکێ لە دەوڵەمەندترین و هونەرمەند و ناودارترین گۆرانیبێژی ئیرانی ! بەڵام ، زیرەک کوردەو بە کوردی قسە دەکاو گۆرانی بۆ کورد دەڵێ .. ئەمە زۆر بەدڵسۆزی و هوشیاریەوە دەکات و ئەرکی هونەرمەندیی و سەرکردایەتی و پێشرەوایەتی و پاشایەتی خۆی و پڕ لە هە ژاری و خۆ ڕاگریەوە بەردەوام دەکات و دوا جار لە هە ژارترین ڕۆژانی هە ژاری خۆی و بێ جێ و بێ ماڵ و بێ کە س و بێ مەیی و مەیخانەیی دا( پیرۆزی هونەرو کورد بوونی خۆی)(١٣*) دەباتە سەر ناڵە شکێنێ و بۆ هە تا هە تایێ بە شەهیدی و بەسەر بەرزی دەمێنتەوە ، بۆ هە تا هە تایی بولبول ئاسا و زیرەکانە دەجریکێنێ !

سەردەمی پاشایەتی زیرەک..(١٤*)

له چاو پێکەوتنێکی زۆرگرنگ و له گەڵ کەسایەتیەکی زۆر گرنگ ، مامۆستای نووسەرو وەرگێری ناوداری کورد (محەمەدی ڕەمەزانی )(*١٥) کەلە گەڵ بەڕێز(مام عەلی یاسەمەنی) (*١٦) داکردووە زۆر بابەتی گرنگ لە ژیانی زیرک باس دەکات ، جۆن خۆی خزمی زیرەکەو لە گەڵی ژیاوە، ئەوەی دەیگێڕیتەوە خۆی تیدابووەو بە چاوی خۆی بینیویەتی و لە تاران لە نێو ماڵی زیرەک دا ژیاوە و کاری کردووە .

## کارکردنی مام عەلی لە ماڵی زیرەک..

مام عەلی بۆ مامۆستا محەمەدی ڕەمەزانی دەگێڕیتەوەو دەڵێ:( زیرەک..خەبەری منی زانی . کاغەزی نووسی لە کاکە مینە(*١٧) ، عەلی هە رچی هە یەتی بیفرۆشی و بێنە ئێرە من و میدیا لێرە جێگامان زۆر خۆشە و مواجیبیشمان(*١٨) زۆرە ، بەرنامەمان لە تەلە فزیۆن و لە ڕادیۆ هە یە(*١٩)، منیش لە گەڵ خێزانم هە ستام سواری قەتار بووم و چووم بۆ تاران زۆر پێ خۆشحاڵ بوون کاک حەسەن گوتی : برالە ئەمن هە میشە پێم ناکرێ لە گەڵ میدیا بچم بۆ ئێستگە ، میدیا دەبێ هە موو شەوێک بچێ ، ڕۆژ وایە من مهمانم دەبێ ، ڕۆژوایە کارێکی ئیداریم هە یە ، ناکرێ و نابێ میدیاش بە تەنیا بچێ . براکانیشی بۆیان ناکرێ لەگەڵی بن ، دەبێ لەگەڵ میدیا بچی بۆ ئیدارە و خێزانیشت نان و چاییمان بۆ ساز کا، هە رچوارمان مودەتێک لەوێ زۆر بە خۆشی گوزەرانمان.)

## پاشایەتی دەستی پێکرد.. لە موسافیرخانەی حەقیقەت (*٢٠)..

عەلی بەردوام دەبێ مامۆستا محەمەدی ڕەمەزانی تۆماری دەکاو مامۆستا ( برایمی فەرشی)(*٢١) یش دەینووسێتەوەو بڵاوی دەکاتەوە:( مام عەلێ یاسەمەنی دەڵێ..شەوانە وابو کار لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن درەنگ تەواو دەبوو، کە دەڕۆیشتینەوە ، دەیگوت نەخێر جارێ بابچین سەرێک لە مەسافیرخانەی حەقیقەت هە لێنین بزانین برادەری کوردی لێیە . کوردی ناسیاو نە ناسیاوی لێبایە غەیری مومکن بوو حیسابەکەی دەبەست و دەیبردەوە ماڵی ،ئاغای مودیرەکە دەیگوت ئاغا پوڵی داوە ، کرێی مەنزلی داوە ،دەیگوت هە رچیەکە بە عۆدەی خۆم. ئەمن دەیبەمەوە ئەوە میوانی منە .

هیچ شەوێک وانە بوو بەبێ میوان بچینەوە، لە کوردستانەوە، چ لە شیمال و چ لە نێو تورکان، چ لە مەنگور، لە گەروک لە دیبوکری لە فەیزولا بەگی بە واسیتەی زەمبیلەوە کەمن لەوێ فەراش بووم و نەهارێک شامێک میوانی حەسەن زیرەک دەبوون ، میوانی بێحەد زۆر بوو.)

## هاوکاری پاشا زیرەک بۆ زیندانی و نەخۆشان..

مام عەلی بەردەوامەو دەگێڕیتەوە :( دادەنیشتین یەک ناگا نەفەرێک دەهات ، دەیگوت لە زیندان مەرەخەس بوویم پوڵم نیە، فەورەن بۆ خۆی سەد ١٠٠ تمەنی دادەنا سەر کەشەفێک(*٢٢) ، ئەو وەختی سەد تمەن بە ٦٠٠٠،٥٠٠٠ی ئێستابوو،دەگەڕا پوڵی بۆ کۆ دەکردەوەهە رکەس بە ئەندازەی خۆی ١٠،٣٠،٢٠تمان کابرای بەڕێ دەکرد، خەبەریان دەدا نەفەرێک لە زیندانە ،

حەسەن زیرەکی دەخوازێ ،  دەیگوت عەلی بابڕۆین ، دەچووین بۆ زیندان جا یا بەزەبری پۆڵ یا بە زەبری کاغەز و ئیدارە(۲۳*) ، نەجاتی دەدا.

دڵ ئاوا بوو! چەند دۆست و ژنبراکانی و برادەری وەک ئێوە نەسیحەتی ئەو کابرایەیان دەکرد، کا حەسەن تو داهاتت زۆرەو مواجیبت زۆرە مواجبی یەکتان پەسمەند(۲٤*) بکەن ، بەعدەن ئەولادتان دەبێ ، با بتانبێت با ماشینت ببێ ، دەیگوت کوڕە لێم گەڕێن خوا ئەمنی لەو حاڵە گەیاندووتە ئەم حاڵە. ئە ئەوە کەخزمی خۆمە ، برای هاوشیریمە  لە گەڵم بووە شاگرد قاوەچی بووم ، جاری وابووە باوک و براکانم دەریان دەکردم ، ، ئەچووم لە پشت دەرگا دەپاڕامەوە ، عەلی دەرگاکەم لێ بکەوە جێگا نیە لێی بخەوم ، دەریان دەکردم ڕێگام نادا ، کاکم درم دەکات، ئەمن ئاوابووم ، ئەلان بەو مەرامە گەیشتووم  دەعیەو تەکەبورم لێ پەیدابێ ؟ ماشێنم بۆ چیە؟ هە رچی ماڵی منە هی خەڵکە و  هی خەڵکیس هی منە، هیچی پەزمەندی نەبوو، دەیانگوت حەسەن گیان ئەوە نەخۆشە لە نەخۆشخانەیە ، دەڕۆیی ئەو نە خۆشەی مەعلوم(۲٥*) دەکرد ، کێیە خەڵکی کوێیە، هە ر بە نێوبانگ حەسەن زیرەکیان بۆ هە ڵداوە ، نەیدەناسین ، بە پوڵی خۆی بۆی چی بەجی دەکردن ، پوڵی دکتۆری بۆ دەداو بەڕێی دەکرد، پیاوێکی ئاوا سەخی بوو.)                                                              ئێستا خوێندەواری خۆشەویست بۆت ڕوون بووەوە کە زیرەک پاشایەکی سەخی و دەست و دڵ بڵاوە ! جا کەی پاشاکان ئاوا سەخی بوونە ؟ ئەوان وڵات و خەزینەی وڵات و ئابووری و داهات و لە شکریان لەبەردەست بووە؟! زیرەک ئەوەی بە هونەرەکەی پەیدای دەکرد ..بەو سەخاوەتەوە دەیدا بە خەڵکە کە ، زۆر جیایە لەگەڵ ماڵی پاشاو داهاتەکەی !

ئەرێ زیرەک لەو ماوەیەی پاشایەتیەکەی دا چەند کەس یارمەتیان لێی وەرگرتووە ؟ ئەو بە ڕێزانە هە ریەکەی چەندیان پوڵ لێ وەرگرتووەو  چ یارمەتیەکی داون ؟ ئەوە بۆچی ئەو بەڕێزانە ..خۆیان ئەگەرنەماون کەس و کاریان بۆچی باسی ئەو یارمەتیە ناکەن کە زیرەک یارمەتی داون و شانازی پێوە بکەن ! چ شانازییەکە بۆ کەسێک و خانوادەی کە زیرەک هاوکاری کردوون ! (۲٦*) دەزانن ئەو یارمەتیە ج یارمەتیەکی پاک و پیرۆزە ؟ یارمەتی چ پاشایەکی هە ژارو شێت و ئەفسانەیی و مرۆڤدۆستە؟!

**بەدوا داچوون ..(۲۷*)**

زۆر جار پاشاو سەرۆک وەزیران و وەزیر بەدوای هە واڵێکەوە دادەچن کە پەیوەندی بە ئەوانە وە هە بێت کەسێک داوای یارمەتی لێکردبن  و لە میدیاکان بڵاوکرابێتەوەو لەو کاتانە دەسەڵاتی خۆیان بۆ یارمەتی هاو ولاتیەک بە کار دێنن و بە ماڵی دەوڵەت یارمەتی دەدەن ! ئەوە ئەگەر وەڵام بدەنەوە!

بەڵام ، سەیرکە.. پاشای ئێمە چۆن بە دوای هە واڵێکی ڕۆژنامە دادەچێ ؟! مام عەلی دەگێڕیتەوە و دەڵێ :( شەوێکیان میدیاخانم دوای نان و چا خواردن ڕۆژنامەیەکی هێناو گرتی بەدەستەوە گوتی حەسەن ئەم ڕۆژنامەیەت بۆ بخوێنمەوە؟ گوتی ئەرێ وەڵلا؛ گوتی، چ فایدە پیی دڵتەنگ دەبی ، گوتی نا وەلا بۆم بخوێنەوە بزانم چیە ؟ کە خوێندیەوە نەفەرێک لە مە هاباد نووسێبوی ..ئەمن مودەتێکە زۆر زەلیلم عومریشم ۲۲ ساڵە ئەلان سەروەت و سامانی بابم خەلاس بووە خێزان و منداڵێکیشم هە یە، دەمەوێ تەلاقی بدەم و ڕزگاری بکەم هیچم پێ

پەیدا نابێ ، ئایش(٢٨*) بۆ موسلمانیک کە وەسیلەیەک بۆ من فەراهە م بکا بچمە خیابان نەفەقەی خۆمی پێ پەیداکەم و بیهێنمەوە ماڵی بۆ ئەو منداڵەم ، حەسەن بەوە زۆر مەلول بوو، زۆر دڵی تەنگ بوو گوتی میدیا دووبارە بۆم بخوێنەوە ! حەسەن ئەو شەوە ئە وقاتی تاڵ بوو! سبەێنێ هە ستا ڕۆیی بۆ ئێستگای ڕادیۆ نامەیەکی وەرگرت بۆ شێرو خورشید ئەو شتانەی لەوێ هە بوو لەو چەرخانە دانەیەکی کڕێ و ئیجازەی خواست و لەگەڵ میدیا خانم چوو بۆ مەهاباد سی ڕۆژ لە وێ ماوە نێونیشانی ئەو کوڕەی دییەوە . کوڕەی فێری ئەو چەرخە کرد زۆر خۆشحاڵ گەڕایەوە!) ئێستا براکەم تۆ بڵێ زیرەک پآشا نە بوو ! هیچ پاشاو سەخی و دەسبڵاوێکی ئاوات دێوە و هیجی ئاوات خوێندوتەوە؟ ئەوە زیرەکەو پاشایەتی بە هە ژاری خۆیەوە دەکات .

**شیکردنەوەو خاڵبەندکردنی پاشایەتیەکەی زیرەک..**

ئێمە کردەوە پاشاییەکانی زیرەکمان خوێندووتەوەوبیستووە ، ئێستا هێندەی لە بەردەستەو بە تایبەت ئەوەی مام عەلی سەمەنی هاوڕێ و هاوتەمەن و خزمی زیرەک گێراویەتیەوەو تایبەتە بە سەردەمی ژیانی لە تاران، چۆن دڵنیام ؛ زیرەک ئەو کردەوەو پاشاییانەی لە هە مووقۆناخەکانی ژیانی دا کردووە ، بە شێوازی جیا جیای پاشایەتی!

١ – شەوانە وابوو کار لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن درەنگ تەواو دەبوو، کە دەڕۆیشتینەوە ، دەیگوت نەخێر جارێ بابچین سەرێک لە موسافرخانەی حەقیقەت هە ڵبێنین بزانین برادەری کوردی لێیە.- ئەوە هە مان ڕەوشی پاشایانی ئەفسانەییە، کە شەوان بەدوای کەسانی مەبەست دا دەگەڕان، تایارمەتیان بدەن، زیرەکیش هە ر ئاوای کردووە !

٢ – کوردی ناسیاو نە ناسیاوی لێبایە غەیرە مومکین بوو، حیسابەکەی دەبەست و دەیبردەوە ماڵێ، ئاغای مودیرەکە دەیگوت ئاغا پوڵی داوە ، کرێی مەنزلی داوە ، دەیگوت هە رچیەکە بە عۆدەی خۆم ، ئەمن دەیبەمەوە ، ئەوە میوانی منە .- هە رگیز پاشاکان یارمەتی کەسێکیان نەدەداکە پێویست نە بوایە ! بەڵام، زیرەک پارەی ئەو کەسانە دەدات لە ئوتێل کە پێشتر پارەی خۆیان داوە، بەڵام؛ زیرەک ئەو کوردانەی خۆمان لە تاران بە میوانی خۆی دەزانێ، لای ئەو ئەوە بەس نیە کە دەیانباتە ماڵەوەو دەڵێ میوانی منن ! پارەی ئوتێلەکەشیان بۆ دەدات ، کە کوردی خۆمان پێشتر پارەی خۆی داوە !

٣ – هیچ شەوێک وانە بوو بەبێ میوان بچینەوە، لە کوردستانەوە، چ لە شیمال وچ لە نێو تورکان ،چ لە مەنگوڕ، لە گەروک لە دیبوکری لە فەیزولا بەگی بە واسیتەی زەمبیلەوە کە من لەوێ فەڕاش بووم وئەوانەم دەناسیەوە ، ئاغاو ڕەعیەت ، شارستانی و فەلا هە مووی دەهاتن، هە رچی دەهاتە تاران نەهارێک ، شامێک میوانی حەسەن زیرەک دەبوون ، میوانی بێ حەدی زۆر بوو.- ئەگەر پاشا ئەفسانەییەکان ساڵێ چەند شەوێک ئاوا بە ناو شاردادەگەران، بەڵام؛ وەک مام عەلی دەڵێ : زیرەک هیج شەوێک بە بێ میوان نەدەبوو ! میوانە کانیش هە مە جۆرو هە مە ڕەنگ و هە مە چین و هە مە نەتەوە بوون ! میوانیشی بێ حەد زۆربوو.

٤ – دادەنیشتین یەک ناگا نەفەرێک دەهات ، دەیگوت لە زیندانێ مەرەخەس بووم پوڵم نیە، فەورەن بۆ خۆی سەد ١٠٠ تمەنی دادەنا سەرکەشەفێک، ئەو وەختی سەد تمەن بە ٥٠٠،

٦٠٠ئێستا بوو! ــ زیرەک ناو بانگی دەسبڵاوی دەرواو خەڵکی نەناس و دوور دێن و داوای یارمەتی لێ دەکەن و ئەویش هە ردەم ئامادەیەو بە خۆی پارەیەکی باش دادەنێ و بۆشی کۆدەکاتەوە ، لەوش دا دیسان ناوو کەسایەتی خۆی بەکاردێنێ ، واتە هە م بە پارەو هە م بە مەعنەوی یارمەتیان دەدات!

٥ ــ دەگەڕا پوڵی بۆ کۆدەکردەوە ، هە رکەس بە ئەندازەی خۆی ١٠،٣٠،٢٠، تمان کابرای بەڕی دەکرد.- زیرەک نەک خۆی خەڵکێشی هاندەدا کە سەخی و دەسبڵاوبن و یامەرت کەسانی موحتاج بدەن .

٦ ــ خەبەریان دەدا نەفەرێک لە زیندانە، حەسەن زیرەک دەخوازێ ، دەیگوت عەلی باپڕۆین، دەچووین بۆ زیندان جا یا بە زەبری پوڵ یا بە زەبری زمان یا بەزەبری کاغەز و ئیدارە ، نە جاتی دەدا .- پاشاکان ئەگەر کەسێک لە زیندانەوە داوای یارمەتی لێکردبان ، ئەوا ئەگەر یارمەتیشیان دابا..هیچ کات خۆیان نەدەچوونە بەندیخانەو کارەکەیان بۆ نەدەکرد! بەڵام، زیرەک بۆ خۆی دەچیتە بەندیخانەو هە رچی بۆ بکرێ بە پارەو بە هە ر شێوەیەک بۆی بکرێ دەیکات !

٧ ــ دڵئاوا بوو! چەند دۆست و ژنبراکانی و برادەرانی وەک ئێوە نە سیحەتی ئەو کابرایەیان دەکرد، کا حەسەن تۆ داهاتت زۆرەمواجیبت زۆرە موجیبی یەکتان پەزمەندە بکەن، بەعدەن ئەولادتان دەبیت ، با بتان بێت با ماشێنتان ببێ، دەیگوت کوڕە لێم گەڕێن ،خوا ئەمنی لەو حاڵەوە گەیاندۆتە ئەو حالە، ئە ئەوە کە خزمی خۆمە ، برای هاوشیرمە لەگەڵم بووە ،شاگردی قاوەچی بووم، جاری وابووە باوکم وبراکانم دەریان دەکەدم ، ، ئەچووم لە پشت دەرگاوە دەپاڕامەوەعەلی دەرگاکەم لی بکەوەو جێگا نیە لێی بخەوم ! باوکم ڕێگام نادا ، کاکم دەرم دەکات، ئەمن ئاوابووم ، ئەلان بەو مەرامە گەیشتووم دەعیەو تەکەبورم لێ پەیدابێ ؟ ماشێنم بۆ چیە ؟ سەروەتم بۆ چییە؟ هە رچی ماڵی منە هی خەڵکە و هی خەڵکیش هی منە، هیچی پەزمەند نەبوو.- پاشای ئێمە زیرەک زۆر دڵکراوە بوو ، لەخەمی ئەودا نەبوو شتێک بۆ دوا ڕۆژ هە ڵبگرێ ! ئەوەتا خزم و برادەر داوای لێ دەکەن و نموونەی بۆ دێننەوە ، بەڵام ، زیرەک ڕابردووی خۆی لە بیر نە کردووە و بیر لە تەکەبور ناکاتەوە ، دەڵێ لێم گەڕێن کە خودا لە و حاڵە هە ژاری و بێ پارەییەوە منی گەیاندووتە ئەمڕۆ پێمخۆشە و دەمەوێ یارمەتی خەڵک بدەم ، ئەوەی من هە مە هی خەڵکە و هی خەڵکیش ماڵی منە ! بەڵام، تەکەبورو لوتبەرزی پاشا مێژوویی و ئەفسانەییەکان زۆر جیایە لە گەڵ سادەیی وفرۆتەنی پاشایی زیرەک!

٨ ــ دەیانگوت حەسەن گیان ئەوە نە خۆشە، لە نە خۆسخانەیە، دەڕۆیی ئەو نە خۆشەی مەعلوم دەکرد، کێیەخەلکی کوێیە، هە ر بە نیوبانگ حەسەن زیرەکیان بۆ هە ڵداوە، نەیدەناسین بە پوڵی خۆی بۆی جێ بەجێ دەکرد، پوڵی دکتوری بۆ دەداو بەڕێی دەکرد ، پیاوێکی ئاوا سەخی بوو.- زیرەک کە بیستبای کەسێک نە خۆشە بۆ خۆی دەچوو دەیدۆزییەوەو دەیبردە لای دکتۆرو پارەی دەداو خزمەتی دەکرد!

بەڵێ ئەو پاشایەی ئێمە ئاوا سە خییە، شەوانە لە تارانی پایتەخت وەک پاشا ئەفسانەییەکان بەدوای کوردی کوردی خۆمان دەگەڕاو لە میوانخانەی حەقیقەت کە جیگای دابەزینی کوردەکان بوو، ناسیاوو نەناس دەیدۆزینەوەو پارەی میوانخانەکەی دەداودەیگوت میوانی منە، برا کوردەکەی دەبردەوە ماڵەوەو خزمەتی دەکرد ، کەم شەو هە بوو میوانی نەبێت ، میوانی بێ حەد زۆر بوو، میوان لە کوردستان و لە شیمال و لە نیوتورکان و لە مەنگوڕو گەورک و لە دیبوکری فەیزولابەگی وزەمبیلەوە ئاغاو ڕەعیەت وشارستانی و فەلاح هە مووی دەهاتن ، هە رچی دەهاتە تاران نێوە ڕۆیەک و ئێوارەیەک دەبوونە میوانی زیرەک ،ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ناوو دەنگی زیرەک جگە لە هونەرمەندی ، وەک پیاوچاک و خێرۆمەندێک بناسرێ ، بە سەخاوەتەوە یارمەتی خەلکیش دەداو خەڵکان لە دوورەوە نەشیان دەناسی بەڵام ، ڕوویان لەماڵی زیرەک دەکردووکەسیان نائومێد نەدەگەڕانەوە ! لە زیندان بەربووی بێ پاڕە ، زیندانیەکی بەغەدرگیراو، نەخۆشیکی بێ پاڕە ، بهاتبانە لای زیرەک یان زیرەک بیستبای کە سێک لە نەخۆشخانە لە بەندیخانە پێویستی بە یارمەتیە، زیرەک بە زوویی و بەگەرمی بەدەنگیانەوە دەچوو، ئەوەی بە پارەی خۆی بۆی بکرابووایە، دەیکرد ، ئەوەی بە هۆی کەسایەتی خۆی ڕووی لە کەسانی تر دەنا، ئەوەی بە هۆی لێهاتووی خۆی و دەم وزمانی شیرینەوە بۆی دەکرا..دەیکرد ! ئەو پاشایە هە موو توانایەکی خۆی لە خزمەتی براکانی بەکار دەهێنا، نەیدەپرسی چە حزبێکن ، چ نەتەوتەکن ، چ بنەماڵەو عەشیرەتێکن، چ ئاینێکن ، یاسای ئەو پاشایە لە یارمەتی دانی ئەو خەڵکە ..یاسایەکی دادپەروەرو یەکسان بوو! ئاغاو فەلاح، شارستانی و لادێیی ، ناسیارو نەناس ، وەک یەک هاوکاری دەکران و ڕێزیان لێ دەگیرا ! ئەرێ ئەو کارو کردەوانە بە ڕاستی کارو کردەوەی پاشایانە نین ؟ پاشای خێرو بەرەکەت ؟

ئەو سەخاوەتەی زیرەک پاشا پارەکەی لە کوێوە دەهات؟

وەک دەڵێین ..بە هۆی گەورەیی هونەرمەندیەکەی زیرەک خۆی ، مانگانەیەکی زۆر باشی هە بووە ، میدیای زەندی خێزانیشی مووچەیەکی باشی هە بووە ، جیا لەوە زیرەک و میدیاو تێپەکەی زیرەک هە فتانە ئاهە نگی تەلە فزیۆنیان لە ئێستگای تەلەفزیۆنی خسوسی گێڕاوە کە خاوەنەکەی (سابت پاسال)(٢٩*) دەوڵەمەندێکی ئیرانی بوو، لە بەرنامەی

( هنرهای زیبا) حەفتانە زیرەک و تیپەکەی ژن و پیاو بوون و شاییان دەکردوو کۆڕسیش بوون و گۆرانیان دەگێڕایەوە و بەرنامەی زیندووی تەلەفزیۆنیان پێشکەش دەکرد، لە وێش پارەیەکی باشیان دەسکەوتووە، بەو پارەیە زیرەک ئەو پاشایەتیەی دەکرد. زیرەک لە تاران ڕۆلی(تەکیەی شێخێکی خواناس)و(سەرۆک هۆزیکی خانەدانی کورد)و ( ڕێکخراوێکی خێرخوازی مرۆی کورد) و( وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی) و( بارەگای حزبێکی نەتەویی) و( نوێنەرایەتی حکومەتی کوردی) دەگێڕا ئەگەر هاتوو ئەوانیش وەک زیرەک خۆیان بەدوای خەڵکەوە چووبان و چاکە کاربووان ! زیرەک.. پاشایەکی داپەروەری کورد بوو لە تاران ! داد پەروەر بۆ هە مووان . ئەو پاشایەتیەی زیرەک چەندی خایاندووە ؟ چەند کەس لەو سەخاوەتی و پیاوچاکی و خێرۆمەندییەی زیرەک سود مەند بووە؟

جۆری پاشایەتی زیرەک ..

زیرەک یەکەمین پاشایە ، جیا لە پاشا ئەفسانەیی و پاشا میژووییەکان،جیا لە پاشای هە موو وڵات و میللەتان دەبێت بە پاشاو پاشایەتیەکەی بە هۆی بە کردوەو پاشایەتیەکانیەتی ! ئەو پاشایەتی لە باوانەوە بۆ بە میرات نەماوەتەوە ، بە پاڵەوانی و سەر لەشکری و شەڕو داگیرکردن و کوشتن نەبووە بە پاشا! لە کۆبوونەوەیەکی پاشا هە ڵبژاردن دا بازی بەختی بەسەر نە نیشتووەتەوە ! مەرجی کچە پاشای بە جێ نەهێناوەو نە بووە بە زاوای پاشاو پاش مەرگی پاشای بێ کوڕ جێی بگرێتەوەو.ببێت بە پاشا!

ئەو پاشایەکی مرۆڤبوونە، مرۆڤی دەرچووی کورەی ژیانێکی دۆزەخی ، ئەو مرۆڤێکی دڵ و دەروون پڕ لە عەشق و خۆشەویستی بوو، عەشق و خۆشەویستی ژیان و مرۆڤ و جوانیەکانی هونەر هونەری کوردو ناوچەکە و جیهان ! ئەو بەرهە می کاردانەوەی ئەو ژیانە دۆزەخی و ئەو هە موو غەدرە بوو کە لێی کرابوو ، ئەو بەرهە مەی کە بە خێر شکایەوەو هونەرمەندێکی داهێنەرو لوتکەی هونەرمەندانی لێ دروست بوو ، ئەو مرۆڤێکی دڵ و دەروون پاشایی لێ دروست بوو پاشاییێکی داد پەروەرو دەسبڵاو ! ئەو کردەوەکانی پاشایانە بوو ، پاشا جیا لە پاشا مێژوویی و ئەفسانە ییەکان !

ئەو زیرەک پاشا بوو، ئەو پاشایەی ، کە بە ڕێو ڕەسم و ئاهە نگی پاشایەتی نەبوو بە پاشا، ئەو هیچ کەس و پاشایەک تاجی پاشایەتی لەسەر نەنابوو! ئەو ڕۆژێک بە دەسەڵاتی پاشایەتی پاشا یانە نە ژیاو لەسەر کورسی پاشایەتی دانەنیشت! ئەو کۆشک وتەلاری پاشایەتی نەبوو، ئەو وەزیری دەستە ڕاست و دەستە چەپی پاشایەتی نەبوو! ئەو لەشکرو جبەخانەو پاڵەوانی لەشکرشکێنی نەبوو! ئەو هە تا لە ژیان دا بوو کەسێک ؛ یەک جار پێی نەگوت ؛ پاشام !! ئەو ئاوها پاشایەتی دەکرد..ئەو بەکردەوە پاشابوو! ئەو پاشایە هونەرمەند(حەسەن زیرەک) بوو!

ئەو هونەرمەندە لەو کاتەدا کە لە تاران لە لوتکەی هونەرو داهێنان بوو، لە ڕادیۆی کوردی تاران وەک هونەرمەند دامەزرابوو، میدیای زەندی خێزانیشی وەک خۆی لە ڕادیۆ کاری دەکرد، هە ردوکیشیان هە فتانە بەرنامەو ئاهە نگیان هە بوو لە بەرنامەی هونەری زیبای تەلە فزیۆنی تایبەت، کە دەوڵەمەندێکی ئیرانی دایمەزراندبوو، زیرەک بە خۆی و میدیای خێزانی بەو هە موو چالاکیە هونەری و کۆمەڵایەتیەی کە هە یان بوو ، گەرمیەکی جوان و بێ پێشینەیان خستبووە هە موو کوردستان و شاری تاران ، زیرەک بە هونەرە بەرزو ڕەسنە کوردیەکەی هە موو کۆمەڵگای کوردی لەدەوری بزووتنەوەیەکی هونەری بەرزی نەتەوەیی کۆکردبووەوە، هە روەها یەکەمین هونەرمەند بوو لە ئیران و ناوچەکە بە هونەرەکەی میللەتانی کوردو فارس و ترک و ئازەرو ئەرمەنی و هە موو ئیرانیەکانی کردبوو بە هە وا داری خۆی، یەکەمین جار بوو گەورەترین هونەرمەندی کوردو ئیران و ڕۆژهە ڵات رۆلێکی ئاوا پیرۆز بگێڕی کە تا ئیستا هیج هونەرمەندێک نە یگێراوە، ئاخر زیرەک لە نێو هونەرەکەیدا بەزمان و زاری هە مووان گۆرانی دەگوت و هونەری دەخوڵقاند و دەنواند! ئەو هە موو هە وادارو گوێگرەی ڕادیۆو ئەم هە موو چاڵاکیە کۆمەڵایەتیەی زیرەک وەک پادشایەک! وای کردبوو دەزگای (ساواک) بە وردی چاودێری زیرەک و میدیاخانمی خێزانی بکات، ئەنجامی ئەو چاودێریە توندە لە ڕادیۆو لە نێو خەڵک نووسێنی ڕاپۆرتی زۆر بوو لەسەر زیرەک و میدیا خانم ، لە کتێبی (چپ در ایران بە روایت اسناد ساوک) دا شەش لەو ڕاپۆرتانە بڵاوکراونەتەوە و کەوتوونەتە دەست ، ئەگەر بەوردی ئەم ڕاپۆرتانە بخوێنینەوە دەردەکەوێ کە ساواک چ

بەوردی و بەردەوامی بەدوای زیرەک و میدیاخانمەوە بوون ! چ دوژمنکارانە هە ڵس و کەوت و کاری ڕادیۆیی ئەم دوانەیان بەدگومانانە لێکداوەتەوە، لە یەکێ لە ڕاپۆرتەکانی ساواکیەکان ئاوا باسی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەکات :(حەسەن زیرەک لە ماڵی موزەفەر حەبیبی چەند پرسیارێکی لە بارەی خۆشەویستی ئالیا حەزرەت هومایۆنی و توانای پارتی دێموکراتی لە کوردستانی ئیران(و) کردوەو باوەڕی خەڵکی پرسیوە لە هە ڵس و کەوت لە گەل ئەو پێویستە ریعایەتی خۆپارێزی بکرێ وتەواوی کارو چالاکیٔ ئەو پیویستە بخرێتە ژێر چاودیری و لەوانەیە هاتوو چۆی ماڵی دکتۆر شیرازی بکات )(ل١٩کتێبی چنبس چپ در ایران به اسناد ساواک) ئەو ڕاپۆرتە دەری دەخات کە ساواک بە چ شک و گومانێکەوە چاودێری زیرەک دەکات و چۆن ڕاپۆرتنووس داوای ئەوە دەکات کە بە توندی و پارێزەوە چاودیری زیرەک بکرێ!

لە ڕاپۆرتێکی تری ساواکیەکان کە باسی میدیای زەندی دەکات دەنووسێ :(رۆژی سێشەممەی ڕابردوو لە بەرنامەی( ئێمەو گوێگرەکان) ی ڕادیۆی تاران کە بە زمانی کوردی بڵاو دەکریتەوە پەیامی دکتۆر کەمال نە قشەبەندی فەرمانبەری – راه اهنی تهران – کە لە زەمانی قازی محەمەد یاریدەدەری وەزیری بەهداری بووە ، بۆ ئیمام جومعەی سلێمانی کە مهرماهی سالی ١٣٣٨ چووەتە شورەوی لە ڕادیۆی مۆسکو پرۆپاگەندەی بە سودی سەربەخۆیی کوردستان کردووە و نامەی بۆ ئەو ناردووە .) راپۆرتنووس لە دریژەی نووسینەکەی دا دەنووسێ بەرنامە ئێمە و گوێگرەکان بووە بە ئامرازی پەیوەندی کوردەکانی تاران و عیراق.. ئەم چاودێری کردن و تاوان بۆ دروستردنە بۆ زیرەک و میدیا خانم بەردەوام دەبیت ، هە ربۆیە دەکەونە کێشە دروستکردن بۆ زیرەک کە هێشتا هە ر لە ڕادیۆی تاران کار دەکات ،

زیرەک ..هونەرمەندێکی ئاسایی نە بوو ، جگە لەوەش لە ڕۆژگارێکی ئاسایش دا نەهاتبووە نێوەندەکە! زیرەک بەو هونەرە ڕەسەن و پر لە داهێنانەی گەرم و گوڕیەکی زۆری خستبووە نێوەندی کۆمەڵگەی کوردەواری کپی دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد ، گۆرانیەکانی زیرەک هێندە ڕەسەن و جەماوەری بوون ، گۆرانیە دڵداریەکانیشی کاریگەری سروودیان هە بوو، هە ر بۆیە هونەری زیرەک ڕۆڵێکی سەرەکی هە بوو ..بۆ هیوا خستنە نێو دڵێ نەوەی نوێ و بەم بۆ نە یەوەش خەڵکێکی زۆر لە دەوری ڕادیۆی تاران و کرماشان بەگشتی کۆ ببوونەوە، بە تایبەتیش لە دوری هونەری زیرەک . میدیا خانمیش وەک ژنێکی سەرکەوتوو لە ڕادیۆ پارسەنگێکی باش بوو بۆ زیرەک ، ساواک ئەو سەرکەوتن و جەماوەری بوونەی زیرەک و میدیای بەدڵ نەبوو، هە ر بۆیە ناورۆکی ڕاپۆرتە ساواکیەکان زۆر بە روونی ئەو نیگەرانی و بە دگومانییەی بەرامبەر بەو خانوادەیە دەردەخات ! وەکو دەزانین دواجار ئەو سەرکەوتن و بەختیاریەی لەو خانوادەیە تێکدەدەن ! زیرەکیان لە ڕادیۆ دەرکرد و لە گەڵ میدیای زەندیش لێکیان جیا کردنەوە .

ساواک چۆن تەماشای حەسەن زیرەکی دەکرد ؟

حەسەن زیرەک گەورە ترین هونەرمەندی کوردستان و ئێران و ناو چەکە بوو، هونەرمەندێک بوو بە هە موو زارەکوردیەکان گۆرانی دەگوت ، گۆرانی بۆ هە موو چین و تەمەن و ڕەگەزو ئاستە جیاجیاکان دەگوت، گۆرانی ئاشقانە و نەتەوەیی و چینایەتی شۆڕشگەری ئایینی ، زیرەک

به هه موو زمانەکانی ئێران و ناوچەکە گۆرانی دەگوت..کوردی فارسی ترکی ئازەری ئەرمەنی و هه تا ڕادەیەک عەرەبیش ! بەمەش هه موو کۆمەڵگای کوردی خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێ دەگرت! هه موومیللەتانی ئیران و ناوچه که گوێیان لێ دەگرت و خۆشیان دەویست، هه ر بۆیه ڕۆلێکی گرنگی هه بوو له دروستکردنی پردی هونەری له نیوان ئەم میللەتانه، بۆ نموونه : گۆرانی( خان باجی ) (٣٠*) یەکێ لەو گۆرانیانەیه که به تێکەڵەیەکی چوار زمان ئەرمەنی و ترکی ئازەری و کوردی و فارسی و به ئاوازێکی داهێنەرانەو دەنگێکی به هه شتی دەگوترێ ! زیرەک بەوەش که وەک پادشایەکی داد پەروەر هه ڵس و کەوتی دەکردوو چووبووه نێو کۆمەڵگا ..جارێکی تر هه موو لایەک خۆشیان دەویست . ئەم خۆشەویستی و گوێ لیگرتنه زیرەکی کردبووه سەرکردەیەکی هونەری جەماوەری ! ئەم هه موو داهێنان و ناوو ناوبانگ و خۆشەویستیەی کۆمەلانی خەڵکی ئێران ساواکی هێنابووه مەیدان و خستبوویه دژایەتی کردنی زیرەک ، دژایەتی کردنێک له تارانەوه تا سەر ناڵه شکێنه! ئەو دژایەتی کردنه دوای مەرگیشی و هه تا ئێستا ش هه ربەردەوامه !! ئەگەرچی ساواک به شەڕی دەروونی و هونەری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خانوادەیی و میدیایی هه وڵی دەدا کەسایەتی زیرەک له بەرچاوی خەڵک ڕەش بکات و ئەو خۆشەویستیه بێ سنوورەی خەڵکی لێ بستێنێتەوه ! بەداخەوه هه تا ڕەددەیەک له مەدا سەرکەوت و ئاسەواری ئەم دژایەتی کردنه تا ئێستاش به تەواوی ڕەش نه بووەتەوه !! بەڵام ، ساواک له دەروونەوه شەڕی کەسایەتیەکی خاوەن باوەڕو باوەڕ نەگۆڕو گەورەترین هونەرمەندو کوردترین کوردو سەرکردەترین سەرکردەی دەکرد ؟! بەڵام ، زیرەک زۆر به هوشیاری و خۆ ڕاگری و بەرپرسیاریەتیەوه ،- به تەنیا شەڕی دەوڵەتی کردوو- ئازایانه بەرەو مەرگ چوو!! ( ئەوا له ئاخیری عومرو پیریما خەرێکم دوو سێ گۆرانی ئەڵێم !! هێندەم نەماوه بمرم و بچمه ژێر گڵ !؟)(٣١*)

خوێندەواری بەڕێز ..ئەو هونەرمەندەی له پایتەختی ئیران به شایانه دەژیا و شایانه یارمەتی خەڵکی دەدا؛ ساواک ئەمەی بەدڵ نەبوو، چۆن زیرەک له پاڵ هه موو ئەمانەدا هۆیەکی گرنگی سەرهه ڵدانەوەو گەشه کردنی هه ستی کوردایەتی بوو له ئیران ! به تایبەت ئیران ..هه ر زیرەک به هونەرەکەی گەشەی به بواری ئەدەبیش دابوو، چۆن دەنگی زیرەک و بزاوتی وشەی به دوای خۆی داهێنا، چاپکردنی کتێبی ( چریکەی کوردستان ) ئەو کاریگەریه ئەدەبیه بوو له نێوەندی ئەدەبی کوردی دا که زیرەک دروستی کرد، ڕاسته به بەرچاو چریکەی کوردستان ژیاننامەی هونەرمەندێکی هه ژارو بێکەسەو ژیانه کەی پڕە له هه ژاری و برسییەتی و دەربەدەری! بەڵام، به زمانی کوردی بوو ..چاپکراو بڵاو کرایەوه ، که ئەوەی من بیزانم و وک میدیا خانم دەنووسێ ..یەکەمین کتێبی کوردی بوو چاپکراو بڵاوکرایەوه له ئیران بەشیوەیەکی ئاشکرا ، که وەک باسەدەکەن خوێندوارو شاعیرو ڕۆشنبیران زۆر به تینوێیەتیەوه به دوای دادەگەڕان ، دواجار ساواک بڵاوکردنەوەکەی ڕاگرت ! خەڵک دەستاو دەست لێکیان وەردەگرت و وەک کتێبێکی خۆشەویست و قاچاغ و پڕ مەترسی دەیانخوێندەوه، جگه له مانه هه مووی ، زیرەک ناوێکی بۆ کتێبه که هه ڵبژاردبوو..هه رتەنیا ناو لێنانەکەی بۆ خۆی ( ئاڵا هه ڵکردنی شۆڕشێک بوو !!) چریکەی کوردستان ..له چریکەدا مەبەستی دەنگی بولبولئاسای خۆی بوو بولبولی کوردستان ، دەنگی ئارەزوو خواستی میللەتی کوردبوو!! که دەچریکێنێ و - دەخوێنێ له ئێسگەی ڕادیۆی تاران – له کوردستانیش مه بەستی هه موو کوردستان بوو ..نەک – استان کردستان – که مەبەست لێی شاری - سنه – سەنەنندژ - ی

خۆشەویستە ، کە حکومەتی ئێران دەیویست لە زیهنیەتی خەڵکی کورد ئاوای تۆمار بکات ، ئێستا کتێبی چریکەی کوردستان وەک یەکەمین کتێبی کوردی و کتێبێکی ئەدەبی و هونەری لە ئێران چاپ دەکرێ و بڵاو دەبێتەوە ، خاوەنەکەی هونەرمەندی گەورەی کوردستان و ئێران و ناوچەکەو شاعیری شیعری گۆرانی و نووسینەوەی ژیانی خۆی بە شیعر ! حەسەن زیرەکە! ئەو حەسەن زیرەکەی ئێران دەیویست بۆ بەرژەوەندی خۆی بە کاری بێنێ ؛ کەچی ئەو ئێرانی بۆ مەبەستی خۆی بەکار هێنا ، وەک ئەوەی میدیا خانم دەڵێ : پاش ئەوەی چریکەی کوردستان چاپکراو بڵاو بووەوە، ساوک بە زیرەکی دەڵێ : ئێوە فیلتان لە ئێمە کرد !! دوای ئەوە کتێبەکە قەدەغە کرا .

ئێستا ساواک ئاوا زیرەک دەبینێ ..هونەرمەندێکە لە لوتکەی داهێنان و هونەری هە موو ئێران! پاشایەکە لە تاران پاشایەتیەکی گەرم دەکات ! نووسەرو شاعیرێکە کتێبێک بە ناوی ( چریکەی کوردستان ) چاپ دەکات و بڵاو دەکاتەوە..لە ئێران ئێرانێکی کپ و بێ دەنگ لە ڕووی بزاوتی کوردایەتیەوە ! زیرەک ئەمانە هە مووی بە ئاشکراو بە دەنگی بەرزو بە بەرچاوی دنیاوە دەکات (٣٢*) و هە رساواکیش کاردانەوەکانی لە نیو کۆمەڵی کوردەواری دا دەبینێ و دەزانێ زیرەک فوو لە چ ئاگرێک دەکات ! هە ر بۆیە زۆر بە پەلەو بە ناشیرینیەوە زیرەک لە و لوتکە بەرزی هونەرەوە . لە تارانی پایتەخت دەگە یێنیتە کانی مەلا ئەحمەدی سەر سنوورو دوورە دەست و وازی لێناهێنێ تا بێ دەنگی دەکات و دەیباتە سەر ناڵەشکێنی سەر بەرز، چۆن زۆر جار لە کانی مەلا ئەحمەدیش هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئێرانی دژە دەوڵەت لە چایخانە کورسی و مێزشکاوەکەی زیرەک کۆدەبوونەوەو پەرەیان بە هونەری دژە دەوڵەت دەدا !؟

ئیتر زیرەک چرایەکی گەش بوو بەردەمی کۆمەڵگای کوردەواری و ئێرانی ڕووناک دەکردەوە؛ ساواک ئارامی نەمابوو ! زیرەک هە ر کارێکی دەکرد ..لێیان تێک دەدا ! پاش دەرکردن لە ڕادیۆی کرماشان ، زیرەک لە سەقز میوانخانەی سێ ئەستێرەی دانا و جار جار گۆرانیشی تێدا دەگوت ، دەریانکرد لەوێ ! چووە قەڵاتە ڕەش و چایخانەیەکی دانا لە گەڵ بەرێزێک ! لەوێشیان دەرکرد ! چووە کانی مەلا ئەحمەد ، هێندەیان کێشە بۆ دروست کردوو هێندەیان لێدەدا .. تا کار گەیشتە ئەوەی لە ژاندارمری بە ئاشکرا پێیان گوت : چی دەکەی لەم چۆڵەوانیە ڕۆژێ دەشتکوژن !!؟ ئەوێشیان لێ تێکدا ، ئە شوێنەی زیرەک دەیویست کاسبی تێدا بکات ! دواجار هیچ هونەرو کارو کاسبی و پوڵێکیان بەدەستەوە نە هێشت !! ئەو ڕۆژانە بوو لە و زەمانی پیریە لە نێو گۆرانیەکانی دا هاواری دەکرد : جێم نیە تێدا بسرەوم خاکم بە سەر بێ لانە خۆم !؟ بێ یارو هاودەم بێ مەیی و مەیخانە خۆم !؟ دوای ئەو دەڵێ: شەرابی دەستی دوڵبەر بێ ، ژەهری ئەژدیهای حەوسەر بێ ،دەیخۆمە وە قەستەسەر بێ !؟ بەڵێ دوا جار ئەو بێ جێ و بێ ماڵە ئەو ژەهرەیان پێدا کە قەستە سەر بوو !! کە زیرەک بەو ژەهرە نە خۆش دەکەوێ ، ساواک لەسەر زاری د کتۆرەکان وای بڵاو دەکاتەوە کە زیرەک (سەرتانی جگەر یەتی!!)(٣٣*) دکتۆرەکان ڕاستیەکەی بە کەس و کاری ناڵێن ! ئەوە قسەی ئەو ژنە یە کە لە نەخۆشخانە ، ڕابە خانم دەباتە ژێرزەمینەکەو پێی دەڵێ ؟ زیرەک هونەرمەندێکی گەورەیە و بێ کەسە ، ژەهری دراوەتێ ! دکتۆرەکان ڕاستیەکەتان پێ ناڵێن ! با خوێنەکەی بزر نەبێ!!

بەڵێ..بەم شێوەیە دوا پەردەی گەورەترین هونەرمەندی کورد ، کە ڕۆژگارێک پاشایانە دەژیاو پاشایانە چاکەی لە گەڵ خەڵک و براکوردەکانی خۆمان دەکرد لە تاران! پەنجەرەی ژیانی پەردەکەی دادرایەوە !!

****

سەرنج و تێبینی و سەرچاوەکان:_

(١*) ئەم وتە بەنرخەی زیرەک لە کاسێتی ناسراو بە کاسێتی ئەبوو سەباح دا هاتووە.

(٢*) سەیری سایتی ڕۆژ هە ڵات – بۆکان بکە .

(٣*) زیرەک لە پاشایەتی تارانەوە دواجار دەبێت بە چایچی لە کانی مەلا ئەحمەد.

(٤*) مادر زاد- باباتاهیر لە چوارینەیەک دا دەفەرمووێ –ئەو عەشقی منە لە لە دایکبوونمەوە هە مە.

(٥*) بەردی مراز – لە مێژوودا باسکراوە کە پاشادادپەروەرەکان ، لە شوێنێکی دیاری کراو نزیک کۆشکی پاشا دیاری دەکردوو هاوڵاتی غەدرلێکراوو خاوەن داخوازی دەچوو لە سەر ئەم بەردە دادەنیشت و هە تا داخوازیەکەی جێ بەجێ دەکرا.

(٦*) ئەم ڕۆژنامە خوێندنەوەی ڕۆژانەی میدیا خانم نیشانەی هوشیاری و بەدوا داچوونی هە واڵێ ڕۆشنبیریی و هونەرو کۆمەڵایەتیە ، لە ماڵێ زیرەک دا.

(٧*) زیرەک لە ناخەوە خۆی لەوە هە ڵبواردبوو کە تەنیا دەنگخۆشێک و گۆرانیبێژێک بێت، ئەو مرۆڤێکی خاوەن پەیام بوو هە ستی بە بەرپرسیاریەتی دەکرد بەرامبەر بە میللەتەکەی هە ربۆیە لە ناخەوە پاشایانە هە ڵس و کەوتی دەکردو هونەرمەندانە خزمەتی میللەتی دەکرد.

(٨*) چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیی لە لە گەڵ رابیعەخانمی دوا خێزانی زیرەک لە ٢٠١٠/٧/٢٠ دا.

(٩*) چاو پێکەوتنی مامۆستا محەمەد ڕەمەزانی لەگەڵ میدیاخنم خێزانی زیرەک ، سەیری سایتی ڕۆژ هە ڵات – بۆکان بکە، مامۆستا برایمی فەرشی .

(١٠*) زیرەک هە رلە منداڵیەوە بەو هە موو هە ژاری و دەردی سەریەوە ، هێشتا خاوەن کەسایەتیەک بووە ، هە موو شتێکی بۆ پارە نەکردووە.

(١١*) میرزاکەریم خۆشناو بەرگی دووەم – هە ندێک لە بەسەرهاتەکانی زیرەک ١٩٨٦

(١٢*) بازرگانی ئاواز – کەسانێک بوون لە وڵات دەگەڕان و دەنگخۆشەکانیان دەبروو گۆرانیان بۆ تۆماردەکردن و پارەیەکی باشیان دەدانێ و گۆرانیەکانیشیان بڵاو دەکردەوە.

(١٣*) دواجار زیرەک لە مەرامی دەوڵەت گەیشتبوو ، بۆیە ئازارو هە ژاری هە ڵبژاردوو نە چووە ژێر بار و هۆشیارانە بەرەو مەرگ چوو، گۆرانیەکانی ساڵانی دوایی پڕن لە دەردەدڵی زیرەک ( شەش دەرم گێراوە بەدەستی نەردەوە )ەو زۆری تر..

(١٤*) زیرەک لەساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦٢ لەتاران بووە ، بۆیە پاشایەتیەکەی دەکەوێتە ئەو ساڵانە.

(١٥*) مامۆستا محەمەدی ڕەمەزانی نووسەرو وەرگێڕی گەورەی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان چەند چاوپێکەوتنێکی گرنگی لە گەڵ کەسانی نزیک لە زیرەک کردووە ، زۆر نهێنی ژیانی زیرەکی بەدەست هێناوە.

(١٦*) مام عەلی یاسەمەنی خزمێکی نزیکی زیرەکەو لە چاوپێکەوتنەکەی مامۆستا محەمەدی ڕەمەزانی زۆر نهێنی ژیانی زیرەکی ئاشکرا کردووە.

(١٧*) کاکە مینە – براگەورەی زیرەکە .

(١٨*) مواجیبب – مووچە ، مانگانە.

(١٩*) لەساڵی ١٩٦٠ سابت پاسال کە دەوڵەمەندێکی ئێرانی بوو تەڵەفزێنێکی خسوسی دامەزران و بەرنامەیەکی هە بوو بە ناوی – هنرهای زیبا- زیرەک خۆی تیپەکەی هە فتانە ئاهە نگی تێدا دەگێڕاو بە تۆمارکراوی بڵاو دکرایەوەو ڕەواجێکی زۆری هە بوو، لەو بەرنامەیە زیرەک دەیان گۆرانی و ئاهە نگی تۆمارکراوی تەلەفزۆنی هە یە ، بەداخەوە تائێستاهەواڵێک لەو کاسیتانەوە نیە !!

(٢٠*) موسافیرخانەی حەقیقەت لە تاران وەک ئوتێل شیمال الکبیری بەغدایەو کۆردەکان لەوێ دادەبەزین .

(٢١*) برایمی فەرشی مامۆستایەکی نووسەرو شانۆکارەو یەکیکە لەو بەڕێزانەی وەک دەڵێن ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی زیرەکی هە یەو کاری زۆری بۆ هونەری زیرەک کردووە.

(٢٢*) سەرکەشف – شوێنی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کەسانی لێقەوماو.

(٢٣*) کاغەزی ئیدارە – زیرەک بە هۆی هونەرمەندی و کەسایەتی خۆیەوە دۆست و ناسیاری زۆر بوو لە دائیرەکانی دەوڵەت کاتی پیویستی ڕووی لێدەنان و بۆ کەسانی پێویست نامەو نامەکاری بەکار دەهێنا.

(٢٤*) پەسمەند- پەزمەند – پاشەکەوت .

(٢٥*) مەعلوم دەکرد- واتە زیرەک ئەو کەسەی دەبینی و دەیزانی پێویستیەتی ئەوسا یارمەتی دەدا، ئەوە بۆ ئەوەمان دەبات کە کەسانێک دڵسافی زیرەکیان بەکارهێنابی و بەفێل داوای یارمەتیان کردبێ، ئیتر زیرەک پێویست بە ناسین و بینینی کەسی موحتاج بووە .

(٢٦*) ئەوکەسەی ناوی لە ڕۆژنامە بڵاوکراوەتەوە کە پێویستی بەیارمەتی هە یە، برای بەڕێز مامۆستا عەزیزی شارۆخی یەو وابزانم جارێک مامۆستا خۆشی باسی کردووە کە زیرەک یارمەتی براکەی داوە .

(٢٧*) بەدوا داچوون- ڕەوشێکی دەوڵەت و بەرپرسەکانە کاتێ لە رۆژنامە بابەتێکی پەیوەست بە دەسەڵاتی ئەوان بڵاو دەکرێتەوە بەدوای هە وڵە کەدا دەچن و جارەسەری دەکەن.

(٢٨*) ئایش – خۆزگە ، وەی دەنا .

(٢٩*) سابت پاسال خاونی تە لە وزیونی کوردی شە وی پینجشە ممانە دە رۆیشتین لە ئیستگە ی هونرهای زیبا بە رنامە مان دە دا, بە رنامە ی کوردی حە سە ن بە دایرە و بە گۆرانی ئێمە ش حە وت هە شت پیاو وژن بە لیباسی کوردیە وە بە دە ستوری سۆرانی خۆمان هە ڵدە پە رین، خە ڵك زۆریان پی جالب بوو زۆریان پێخۆش بوو! ئە و قاوە خانە ی لە تاراندا تە لە وزیونی بوو , دوو یان سی قاوە خانە پڕ دە بوو لە خە ڵك, تە لە وزیونیش لە نێو تاران هە تا کە رج کاری دە کرد زیاتر کاری نە د کرد! لە و قاوە خانانە ئە وشە وە چای لە پە ناباتێکە وە دە چووە چوار قران ئە وندە بە رنامە کوردیە کەیان پێ خۆش بوو. ) دەبێ چەند شەو ئاهە نگیان گێڕابێ و ئێستا چەند ئاهە نگی تەولەفزیۆنی زیرەک و تیپەکەی بەتۆمارکراوی لە لای خەلک بێت ؟؟!

(۳۰*) زۆر بەی گۆرانیەکانی زیرەک ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی میللەتە جیا جیاکانی ئێرانی هەیە ، چۆن جگە لە بەرزی هونەرەکە لەنێو هونەرمەندانی سەردەم ، بۆ نموونە : گۆرانی خان باجی حەسەن زیرەک ..لەسەردەمی کرۆنا . نووسینی مەولود ئیبراهیم حەسەن لە سایتی – دەنگەکان – بخوێنەوە .

(۳۱*) لە کاسێتی ئەبوو سەباح هونەرمەند حەسەن زیرەک کە قسە دەکات ئەگەر بەوردی گوێی لێبگری و لێکی بدەیتەوە ، چاک بۆت دەردەکەوێ کە حەسەن زیرەک وەسیەت دەکات و خودا حافیزی لە خەلک و هونەرو ژیان دەکات!! ..خودا حافیز خەڵکی هەولێر خودا حافیز !!

(۳۲*) ڕاستە چەند حزب و ڕێکخراوی نهێنی لە ئێران هەبوون ، ئەو سەردەمە بەڵام ، هیچیان کاریگەری زیرەک و هونەری زیرەکیان نەبوو ، ئەوان بە نهێنی کاریان دەکرد و زۆر بە پارێزیش، بەڵام؛ زیرەک بە ئاشکراو لە ڕادیۆو تەڵەفزیۆنەوە هونەری خۆی بڵاودەکردەوە هونەرێک ..میللەت پەسند .

(۳۳*) سەرەتانی جگەر : پاش ئەوەی کە زیرەک ژەهرخواردوو دەکرێ ، ساواک هەر بەدووایەوە دەبێت ، تا ژەهرەکە کاری لێدەکات و پێویستی بە نەخۆسخانەو نەشتەرگەری دەبێت ، بەڵام ، دەستی پیدەکەن و بە بیانۆی نەبوونی تەختی خەوتن ماوەیەک ڕای دەگرن و دواجار کە کار لە کاردەترازێ ، نەشتەرگەری چاوبەستەی بۆ دەکەن و دنیای لێ پر دەکەن کە سەرەتانی جگەریەتی و ئەوەش هی ئەوەیە زیرەک زۆری عەرەق دەخواردەوە !! ئەوەش بۆ ئەوەی تاوانەکەی خۆیان بشارنەوە، ئەگەر کەم کەمەش باسی ژەهردەهات! ئەوا ساواک دیسان ناوی کەسانێکی دەهێناو دەیویست فتنەی کۆمەڵایەتی دروست بکات و دوو چۆڵەکە بەبەردێک بکوژێ ، هەربۆیە تا ئێستاش ئەم بەڵا ڕێ دابردنە هەر کاری گەری ماوە.